

ئاوڕدانەوە



لەتیف هەڵمەت

# وێنەیەک بەپێنووسی: جەلالی میرزا کەریم

و. موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی



جەلال میرزا کەریم

لە سەرەتای قۆناغی هەرزەکاریدا بووم، گوێم لە زۆربەی بەرنامەکانی رۆشنبیری کوردی دەگرت، کە لە رادیۆی کوردی بەغداوە پەخش دەکران لەوانەش ئەو بەرنامە رۆشنبیرییانەی کە شاعیری کوردی نوێبەخش خوالێخۆشبوو "جەلالی میرزا کەریم" پێشکێشی دەکردن. رەوانی و هێوری شاعیرم بەدڵ بوو، کاتێک بەرنامەی "شیعر و مۆسیقای" پێشکێش دەکرد، لەگەڵ بەرنامەیەکی دیکەدا کە ناوەکەیم لە یاد نەماوە و لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەشەوە شیعری پێشکێش دەکرد. ئەو کاتە ئەگەرچی هێشتا بەتەمەن بچووک بووم و شاعیرێک بووم لە خۆم بایی دەبووم و بەوەوە شانازیم دەکرد کە لە بواری شیعر و رۆشنبیری کوردیدا لە شارێکی بچووکدا بەناوی "کفری" سەر بەپارێزگەی "کەرکووک" رێبازی

نوێبەخشیم هەڵبژاردووە، ئەگەرچی هێشتا لەو ماوەیەدا شاعیر "جەلالی میرزا کەریم"م نەناسیبوو، بەڵام حەزکردنی لە نوێبەخشی لەو بەرنامە رۆشنبیرییە ناوبراوەیدا سەرنجی راکێشام، بۆیە دەستم بەبەشداریکردن لە بەرنامە شیعرییەکانیدا کرد و بەشداریکردنەکە پەرەی سەند و بوو بەبەشداریکردنی هەفتانە، ئەمەیش وای کرد ناوم لەو بەرنامە شیعرییانەدا بەرگوێ دەکەوت دووبارە و سێ بارە دەبووەوە کە شاعیر "جەلالی میرزا کەریم" لە رادیۆی کوردی بەغداوە پێشکێشی دەکردن، هەرچەندەش زۆرتری رێز لە توانای شیعری نابام ئەوەندەی دیکە بایی دەبووم و شانازیم بەداهێنانەکانی خۆمەوە دەکرد.

هێشتا لە یادمە کاتێک شاعیر "جەلالی میرزا کەریم" شیعرێکی نوێمی لە یەکێک لە بەرنامە شیعرییەکاندا خوێندەوە و لە خوێندنەوە و گۆکردنی چەند وشەیەکی کوردیدا هەڵەی کرد و سەر زمانی گرت، لەو وشانەی کە لە "فەرهەنگی مەهاباد"ی مامۆستا "گیوی موکریانی"یەوە وەرم دەگرتن و لەو ماوەیەدا لە ناو زۆر لە شیعرەکانمدا بەکارم دەهێنان. بەو هۆیەوە تووشی تووڕەبوونێکی هەرزەیی لە رادەبەدەری پڕ لە رق و کینە و نەرگسییەت و شێتایەتی بووم و دەستبەجێ نامەیەکی مینرێژکراو و پڕ لە بوومەلەرزە و با و بۆرانم نووسی و بەپۆستی بەپەلە بۆ شاعیر "جەلالی میرزا کەریم"م رەوانە کرد. دوای هەفتەیەک لە رێگەی بەرنامەکەیەوە گوێم لە وەڵامەکەی بوو، وەک سروەبایەکی فێنک لە سیروانەوە هەڵی کردبێت و پڕ لە بۆن و بەرامەی گوڵە کێوی بێت. وەڵامەکەی چوون پەرداخێک ئاوی ساردی رۆشن بوو، لە ناوەڕاستی بیاباندا پێشکێشی کردم. بۆیە لە ئاستی هێوری و لێبوردەیی و پاکژی ناخ و ویژدانی هەستم بەشەرمەزاری کرد. لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی ئەوەم لێ کرد لە بەرنامەکەیدا خۆم و شیعرەکانم پشتگوێ بخات، کەچی پتر لەسەر هاندان و پەخشکردنی شیعرەکانم لەو بەرنامانەیدا سوورتر بوو. پاش رێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری ١٩٧٠ توانیم سەر لە رۆژنامەی "هاوکاری" بدەم کە بەکوردی دەردەچوو، شاعیر "جەلالی میرزا کەریم" سکرتێری نووسینی رۆژنامەکە بوو. لەوێ چاوم بەشاعیر "عەبدوڵڵا عەباس" کەوت و پێی گوتم: دەتەوێت لەگەڵ شاعیر "جەلالی میرزا کەریم"دا یەکتری بناسن کە بەردەوام شیعرەکانت لە بەرنامە رۆشنبیرییەکاندا پەخش دەکات و سەراسیمەی توانا شیعرییەکانی تۆیە تا رادەیەک داوام لێ دەکات ئەو شیعرانەی تۆی پێشان بدەم کە بۆ بەرنامەکەی من "ئێوارەتان باش"یان دەنێرێت، وەک لە یادم بێت ئەو بەرنامەیە بایەخی بەشیعری نوێ دەدا و شاعیر "عەبدوڵڵا عەباس" هەموو ئێوارەیەک لە رادیۆی کوردی بەغداوە پێشکێشی دەکرد. ئەوەبوو پتر لە ٢٠ شیعرم لە شیعرەکانی

یەکەمین کۆ شیعری "خوا و شارە بچکۆلەکەمان"م لەم بەرنامەیەوە پەخش کرد، ئەو کۆ شیعرەی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٠ دا بڵاوم کردەوە، کە کۆ شیعرێکی نوێبەخشانە بوو، لەو ماوەیەدا لە لایەن شاعیر "جەلالی میرزا کەریم"ەوە پێشوازییەکی دەگمەنی لێ کرا.

پاش چەند دەقەیەک دوای ئەوەی گەیشتمە ڕۆژنامەی هاوکاری لەگەڵ شاعیر "جەلالی میرزا کەریم"دا یەکتریمان ناسی و هێوری و ئارامی سەرنجی ڕاکێشام، هەروەها ڕۆشنبیری فرەوانی لە بواری شیعر و سینەما و سیاسەت و ڕۆژنامەگەری و چیرۆکدا سەرنجی ڕاکێشام. پاش ئەو سەردانە زۆر جاری دیکە سەرم لە ڕۆژنامەی "هاوکاری" دەدا لە ناوچەی "ڕاغیبە خاتوون". لە سەردانێکدا بینیم بەپەنجە بڕگەکانی یەکێک لەو شیعرانەم دەژمێرێت کە ناردبووم لە "هاوکاری"دا بڵاو بکرێتەوە. گوتم مامۆستا ئەوە چی دەکەیت. گوتی: ئەگەرچی من سەر بەڕۆشنبیری نوێم و هانی ڕۆشنبیری نوێبەخش دەدەم، بەڵام من نوێبەخشێکی پارێزکارم. من نامەوێت ملوانکە و گەردانەی شیعر بپچڕێتەوە و پەخشان و تەخشان ببێتەوە و چامە ببێتەوە یارییەکی زمانی. لەگەڵ ئەوەیشدا "جەلالی میرزا کەریم" بەلووتکەیەک لە لووتکەکانی شیعری نوێی کوردی مایەوە، دەنگێکی زوڵاڵیش بوو لە هەموو سەکۆ و هۆڵ و کۆبوونەوەیەکی ڕۆشنبیری بەرگری لە نوێبەخشی و ڕۆشنبیری نوێ دەکرد.

جارێکیان لە سەردانێکمدا بۆ بەغدا لەگەڵ شاعیران: "جەلالی میرزا کەریم و عەبدوڵڵا عەباس و سەلاح شوان"دا بەشەقامی "ئەبو نواس"دا پیاسەمان دەکرد، بەڕێکەوت کۆمەڵە لاوێکی عەرەبمان بینی، یەکێکیان لێم نزیک بووەوە و تەوقەی لەگەڵ کردم و چاک و چۆنی لەگەڵ کردم. دوای ئەوەی لێیان دوور کەوتینەوە شاعیر "عەبدوڵڵا عەباس" پێی گوتم: لە کوێ "مالک موتەلیبی" دەناسیت. گوتم مالک موتەلیبی کێیە. گوتی: ئەو لاوەی تەوقەی لەگەڵ کردیت و پرسیاری تەندروستی و ساغ و سەلامەتی لێ کردیت شاعیری عیراقی لاو "مالک موتەلیبی"یە. گوتم: بەخوا نایناسم، بەڵام لە دوورەوە تەماشای کردم و دواتر تەوقەی لەگەڵ کردم و خۆشی و دشی لەگەڵ کردم و منیش تەوقەم لەگەڵ کرد و خۆشی و دشیم لەگەڵ کرد بێ ئەوەی بیناسم. شاعیر "جەلالی میرزا کەریم" بەڕووی بەپێکەنینەوە گوتی "لەتیف هەڵمەت" تۆ نەتخواردووەتەوە و وەک دەشڵێیت تا ماویت ناخۆیتەوە، بەڵام دەبینم سەرخۆشیت چوون یەکێک قەڕابەیەک کۆنە شەرابی خواردبێتەوە. بەجۆرە تەوسێکەوە گوتی: سوودت لەوە وەرگرتووە کە توخنی خواردنەوە ناکەویت، بەخوا ئەگەر بێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان یەک دڵۆپە عەرەق بخۆیتەوە شێت دەبیت.

سەرچاوە: گۆڤاری "گەلاوێژی نوێ" العدد (٨-٩) تشرين الأول ٢٠٠٤ ص (١١٢-١١٣)